# یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٧**
**بەرواری بڕیار: ١٩٩٧/١٢/٢٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگە (٣)ی ماددە دوو لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٩/١١/٣یدا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای خانەنشین بوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

ئەندامانی ئەنجوومەن: ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، کە سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکانی و وەزیرەکانن.

مووچە: مووچەی ئەسڵی «الراتب الأصلي» کە ئەندامە بەردەوامەکانی ئەنجوومەن لە خزمەتدا وەری دەگرن.

دەرماڵە: ئەو دەرماڵانەی ئەندامە بەردەوامەکانی ئەنجوومەن لە خزمەتدا هی (زەوجییەو، منداڵان و، میوانداری و سوکنا) وەری دەگرن.

مووچەی خانەنیشینی: ئەو مووچەیەی کە ئەندامی ئەنجوومەن شیاوەیەتی هەر لەگەڵ تەواوبوونی خزمەتەکەی بە هۆی بەخشین (ئیعفا)یەوە بێت، یان بە هۆی خانەنشین کردنییەوە، یان کۆچی دوایی کردنەوەیەوە بێت.

**ماددەی دووەم:**

أ ـ ئەندامی ئەنجوومەن لە کاتی بە کۆتا هاتنی ئەندامیەتیەکەی مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرێ ئەویش(٧٥ ٪ )ی ئەو مووچەیەیە کە هاوکاردکانی وەری دەگرن کە ئەندامی ئەنجوومەنن و بەردەوامن لە خزمەت دا.

ب ـ ئەندامی ئەنجوومەن دوای کۆتایی هاتنی خزمەتەکەی پاداشت (مکافئە) یەکی دەدرێتێ کە بەرامبەرە بە مووچە و دەرماڵەکانی شەش مانگی و دوا مووچەو دەرماڵەشی دەکرێتە بنەما بۆ ئەم مەبەستە، کە تەنیا بۆ یەک جارە، هەر چەندە کردنی وەزیر دەووپات ببێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

أ ـ مووچەو دەرماڵەی خانەنشینی وەزیر رادەگیرێ، ئەگەر لە نوێ کرایەوە بە وەزیرو، ئەو مووچەیەی دەدرێتێ کە شیاویەتی.

ب ـ ئەگەر وەزیری خانەنشین لە کارێکی کشتی دامەزرا مووچەو دەرماڵەی وەزیفە تازەکەی کەمتر بوو لەوەی وەری دەگرت، ئەوکاتە ئەو مووچەیەی پێ دەدەن کە هاوتایە لەگەڵ مووچەو دەرماڵەی خانەنشینییەکەی.

**ماددەی چوارەم:**

أ ـ هەموو مانگێک بەشی خانەنشینی بەرێژەی (١٠ ٪ ) لە مووچەی ئەسڵی ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران دەبردرێ، بەڵام ئەو پارەیەی کە لە سەری کەڵەکە بووە بەیەک کوژمە، یان بەقیستی مانگانە لێ دەبردرێ کە لەگەڵ پارە کەڵەکە بووەکە بگونجێ کە لە سەریەتی.

ب ـ میراتگرانی ئەندامی کۆچ کردوو لە پاشماوەی ئەو قیستانە دەبەخشرێن (عفو) دەکرێن کە لەسەری ماوە.

**ماددەی پێنجەم:**

لە کاتی کۆچی دوایی وەزیری خانەنشین میراتگران مووچەی (خانەنشینی)یان دەگەوێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشین بوونی مەدەنی بەرقەراریش بەسەریاندا دابەش دەکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری خانەنشین، یان ئەوەی دوای ئەو (أو الخلف) لە هەموو مافێکی کەلەم یاسایەدا دەقی کرتووە بێ بەری دەکرێ لە کاتی حوکم بەسەردا دانی لە تاوان، یان کەتنێکی نابرو بەردا، یان حوکم بەسەردادانی بەبەندکردنی هەتا هەتایە، یان کاتی، یان ئیعدام لە یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاسایشی ناوخۆ، یان ئاسایشی دەرەوەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەئەنگێوون.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەندامی خانەنشینی ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو دەیکرێتەوە، ئەگەر دەقێک لەم یاسایەدا نەهاتبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە (١٩٩٢/٧/٤) وە وە جێبەجێ دەرکرێ و، لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**